# فیلمی (کەواتە چاوەڕێ بە) بەرهەم دەهێندرێ



ئەکتەرانی سەرەکیش بریتیە لە (مام هەژارو، ئەحمەد سالار، جیهاد دلپاک، حەمە عەلی، سۆلاڤ، چۆمان حسێن، وەلید، تاریق ئاکرەیی..........هتد)...

فیلمی (کەواتە چاوەڕێبە) چاوەروان دەکرێت لەئایندەیکی نزیکدا سەرکەوتووانە بەرهەم بهێندرێت.

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ هەفتەنامەی رۆژی گەل: جوان بامەرنی دەرهێنەری فیلمی (کەواتە چاوەرێبە) گوتی: یەکەمین فیلمی سینەماییە لە دوای گردی پیرۆ، من جیاوازی ناکەم کاتێک ئیشەکان دابەش دەکرێت، فکرە لای من دروست دەبێت، سینەما لەوانەی زۆر ئاسان تر بێت چونکە یارمەتیت دەدات من لەگردی پیرۆز سیناریۆ و نوس و وێنەگرو مۆنتێر بووم، بەڵام ئیش دابەش بووە لەسینەما، وە لەگردی پیرۆز رۆژی چل دیمەنم وێنە دەگرت، بەڵام لەو فیلمە رۆژی 12 دیمەن وێنەدەگرم چونکە لەئیشی سینەما دبێ زۆر وریا بین، ئەم فیلمە ماوەکەی کات ژمێرێک و دە دەقیقەیە. وە لەلایەن ستافێکی ئێرانی کاری وێنەگرتن و دەنگ و پشت کامێرا ئەنجام دەدرێت، ناوەرۆکی ئەم فیلمە باس لەخۆشەویستی و قارەمانی پێشمەرگەو سەربازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات و بەنیازم کاری مۆنتاژی لە ئەڵمانیا یاخود ئێران بەئەنجام بگەینم، وەهەروەها لۆکێشنەکانیش لەناو قەڵاتی هەولێر شەش رۆژی دیکە لەکاری زیندان دەردەچین، بۆ مەخمور چونکە شوێنێکی شیاوە بۆ کاری ئەنفال، دوای ئێمە فرۆکە خانەشمان هەیە بۆ هەندێ دیمەنی ناو فیلمەکە، دوای گروپی تەقینەوە دێن لەئێرانەوە بەرەوە شەقڵاوە بەرێدەکەوین و لەناو شاخ و چیاکانی شەقڵاوە هەندێ دیمەن وێنە دەگرین، وێنەگرەکە ناوی (شەهریار ئەسەدی)ە، یاریدەدەری کامێراش (فەرشاد ئەسەدولا پورە)ە ، وەهەروەها



**مامۆستایێکی** دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵ کوردێکی دڵسۆزیشە بەڵام لە بازگەی هەولێر ریگەیان پێنەدابوو سەیارەکەی خۆی بباتە ناو پایتەخت، یەکێک لە زێرەڤانەکان پێیگوتبوو: مامۆستا یەک پاڵپشتی رێکخراو، ناوچە یان لقت بهینابایە تووشی ئەم دەردە سەرییە نەدەبوویت!!

**بەبیانۆی** دەست پێوەگرتن بە دارایی میللەتەوە! ژمارەیەک راوێژکار لە وەزارەتی رۆشنبیری خانەنشین کران، هەریەکەیان سێزە ملیۆن دیناریان پێدرا، بە 1800000 دیناریش خانەنشین کران!! یەکێک لەوان دەیگوت: وەڵڵا ئەمە شازی خانەنشینییە، چونکە ئەو خانشینیەی کە وەری دەگرین وەکو مووچەکەمانە! من دەپرسم: ئەی بۆ خانەشینتان کردن؟! ئایا ئەگەر کاری خۆیان بکرابایە باشتر نەدەبوو؟!

**نازانم** حیکمەت لە چی دایە! حزبێک کە خۆی هەڵوەشاندبێتەوەو چۆبێتە باوەشی دایک!! بەڵام رۆژنامەکەیشی وەک ئۆرگانی حزبە جوانە مەرگەکە بڵاوبکاتەوە!!

**رۆشنبیرێک** دەیگوت: ئەوان بە سامانیان کۆکردنەوە تێر نەدەبوون چاویان لە ریزلێنانیش بڕیبوو، هەبوو لەهەموو تەمەنی یەک وشەی نەنووسی بوو کەچی رێزلێنانی نووسەرانی وەردەگرت، ئێستا مووچەی دەیان ملیۆن دیناریان لە بەغداد مسۆگەر کردووە، ئەوسا باسی بڕینی رێزلێنان دەکەن!!

**دەڵێن** لە شەهیدانەیش زوڵم لەوانە دەکرێ کە خزمی بەرپرس نین! شەهیدی سەنگەر وەکو یەک پێوانەیان بۆ نەکراوە، هەندێ بنەماڵە 300 هەزار، هەندێک 3 ملیۆن هەندێکی دیکە نۆ ملیۆن ، تیایان داهەیە 13 ملیۆن دینار وەردەگرێ!! دەڵێن : ئەوەی واستەی هەبێ بەکونفەیەکونێک مووچەکەی بەرز دەکرێتەوە!! دەڵێن: دایکی شەهیدێک و ژنی جاشێکی کوژراو کە ئەو(پ.م)ی شەهید کردووە پێکەوە بۆ شەهیدانە رادەوەستن، بەڵام دووەمیان دەبڵ وەردەگرێ!!

## ئەبو حەفازە 3 دەکەوێتە بازاڕەوە




بێستون ئەحمەد دەربەندی بەپەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند: بەشی سێهەمی ئەبوحەفازە ئێستا لەبازاڕدایە کە دەق ،تێکست، دەنگ وەئەکتەرەکانی هەمووی هەرخۆم تیایدا رۆڵم گێراوە. خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی بوون و بەخۆشحاڵیەوە بڵاوکرایەوە. ئەم بەرهەمە بەسەرپەرشتی (فەرەیدوون ئەحمەد دەربەندی) وەدەرهێنان و جێ بەجێ کردنی لەلایەن سەنتەری تیشکی نوێ بە بەرهەم هاتوو کەوتە بازاڕەوە. بەماندووبوون و هاوکاری برای بەرێزم (یونس عومەر) توانیمان خۆشحاڵی بخەینە نێودڵی ئەو خەڵکانەی کەتینوی ئەبوحەفازەن. بەڵێن دەدەم لەخزمەت منداڵان و گەنجان و چین و توێژەکانی کۆمەڵ دابم.

## یوسف کوردستانی و ئەلبومێکی نوێ



هونەرمەند یوسف کوردستانی لەدیدارێکی تایبەتدا بەپەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند: ئێستا خەریکی ئەلبومێکی گۆرانیم کەکارەکانی تەواو بووەو لەهەشت تراک پێک هاتووە، لەلایەن (هۆشیار عەبدوڵا) تەواوی گۆرانیەکان و هۆنراوەو ئاوازەکانی بۆ دانراوە. هەروەها وتیشی کاری دەنگی لەستۆدیۆی(ڕێباز زیرەک) بۆ کراوەو بەنیازم کلیپێک بۆ گۆرانیەکە بکەم.

## زیرەک شێرزاد ئەڵقەی هاوسەرێتی دەگۆڕێتەوە

هونەرمەند زیرەک شێرزاد لەدیدارێکی تایبەت بەپەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند: ئێستا خۆم ئامادەکردووە بۆ ئامادەکردنی ئەلبومێکی نوێ، تائێستا کارەکانم دەست پێ نەکردووە چونکە لەلایەن چەن کەسێکەوە بەڵێنی هاوکاریان پێ داوم بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کلیپە، ئەگەر ئەو هاوکاریانە نەکرێن ئەوا ناتوانم ئەو کلیپە ئامادەبکەم. هەروەها وتیشی ئەڵقەی هاوسەرێتیم لەگەڵ خاتوو (بەسۆزخان) گۆریوەتەوە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی بەختەوەر. ئێمەش بەناوی ستافی هەفتەنامەی رۆژی گەل جوانترین پیرۆزباییان لێ دەکەین. هەروەها سەبارەت بەکلیپەکە تاکو ئەو هاوکاریانە بەدەستم نەگات ناتوانم هیچ رونکردنەوەیەک لەبارەیەوە بدەم.

**تێبینی/ سەرجەم هەواڵە هونەرییەکانی دوالاپەرە لەلایەن (ڕەوەند حاجی)ەوە ئامادە دەکراوە.**



## حزب، کۆمپانیا، مافیا

ماوەیەک لەمەوبەر لە شوێنێک دا سەبارەت بە گەندەڵی و دەستدرێژی کردنە سەر موڵک و ماڵی خەڵک دەدواین، یەکێک لەوانە زۆر رەشبینانە لە داهاتووی دەروانی، پێیوابوو دیوارو سنوورێک لە نێوان حزب و کۆمپانیا و مافیادا نەماوەتەوە. ئەو دەیگوت: هەموویان بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان دروست دەبن و دێنە مەیدان، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیە ناچار پێناسەی حزب، کۆمپانیا و مافیام وەبیر هێنایەوە، بەڵام ئەو رازی نەبوو. من پێموابوو کە دیواری نێوان ئەم سیانە بەرزە، هەرکاتێک دیوارەکان روخێندران و سنوورەکان بەزێندران تێکەڵاو دەبنەوە.

ئێستا بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بریاریان لەسەر بدات، بەکورتی ئەو قسانە دەنووسمەوە کە لەو شوێنەدا کردم:

"حزب رێکخراوێکی سیاسی ئارەزوومەندانەیە، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی توێژ، چین، نەتەوەو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پێکدێ و تێدەکۆشێ، شێواز و رێگەی رەوا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەڵدەگرێتەوە، بە ئامانجی خزمەتکردنی ئەندامانی خۆی و چینەکەی و نەتەوەکەی و گەلەکەی هەموو ئەوانەی دەنگی پێدەدەن فەرمانڕەوایەتی دەکات، بانگەشەی ئەرک و مافی یەکسان بۆ هەمووان دەکا، لەخەمی پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان دەبێ، کاتێ دەستەڵاتیش دەگرێتە دەست هەوڵ دەدات دڵی هەمووان رابگرێ و وەک نوێنەرایەتی زۆرینە رۆڵ بگێڕێ، وڵات ئاوەدان بکاتەوەو کۆمەڵگەش بەرەو پێشەوە ببات، سەرکردەکانی حزب هەرگیز بیر لە بازرگانیکردن و سامان کۆکردنەوە ناکەنەوە!

کۆمپانیا لەلایەن کەسێک یان چەند کەسانێکیەوە بەئامانجی وەدەستهێنانی قازانج و دەوڵەمەندبوون پێکدێ، بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی باش و نایاب کێبەرکێ دەکات، هەوڵ دەدات دڵی کڕیارەکانی خۆی رابگرێ، بەوهۆیەوە خزمەت بە تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، زۆر جاران بەرهەمەکانی خۆی رەوانەی دەرەوەی سنوورەکانیش دەکات، بەگوێرەی پێویست بەرژەوەندی خۆی و فەرمانبەرانی دەپارێزێ و هەوڵی باشکردنی ژیانیان دەدات، زۆر هەوڵ دەدات کە ناوبانگی خۆی و ئارمەکەی بە باشی رابگرێ.

مافیا لەلایەن کەسێک یان کەسانێکەوە بەمەبەستی بەرژەوەندی تەسکی خودی پێکدێ، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سڵ لە هیچ رێگەیەکی ناڕەوا ناکاتەوە. دەست بۆ هەموو تاوان و پێشێلکاریەک دەبات، دەست بەسەر سامانی خەڵک دادەگرێ و باکی بە بەرژەوەندی گشتی نیە، ئەندامانی خۆشیان لە ترس و تۆقاندن و کوشتن بێبەری نابن، بەوهۆیەوە لەلایەن مرۆڤایەتییەوە بێزراوو قێزەوەنە"

من لێرەدا داوا لە خوێنەران دەکەم، تا خۆیان سەر پشک بن و بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە ئایا دیوارەکانی نێوان حزب، کۆمپانیا و مافیا نزم یان بەرز بوونەتەوە؟! ئایا حزب و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەمان سنوورە سوورەکانیان بەزاندووە یان هێشتا خزمەتگوزارو خۆنەویستانە تێدەکۆشن؟!

**باوکی فلاد**

**Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK**

ROJI GEL

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com